# سروە جەبار + حیکمەت خانەقینی = دەزگای پاراستنی (پ.د.ك)

## ئۆژین کەریم /کەرکوك

(بۆچی یەکێتی لە هەڵبژاردن دەترسێ ؟!) ئەمە ناونیشانی بابەتێکە دژ بە (ی.ن.ك) نووسراوە و لە سایتی کوردستان پۆست و بەناوی (سروە جەبار)ەوە بڵاوکراوەتەوە.. هەمان بابەت دەقاو دەق و وەکوخۆی و بەبێ زیاد و کەم،جارێکی تر بەناوی حیکمەت خانەقینی لە دەنگەکان و بۆ پێشەوە دووبارە بلاوبۆتەوە.!!!

من قسە لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکە ناکەم، چونکە چۆن دەزانم ناوەکان و نووسەرەکان هی دەزگایەکن، ئاوهاش لام روونە نووسینەکە بێ بنەما و قسەی هیچ و نا لۆژیکین و دەیانەوێت بەم جۆرە نووسینانە و بەناوی جیاوازەوە بە گژ قولەی قافا بچن..

چونکە ئاشکرایە نە(سروە) و نە(حیکمەت) خۆیان ئەگەر هەبن..!! ئەم بابەتەیان نووسیوە و ئەمە هەڵوێستی کوردێك بێ ، بەڵکو ئەو جۆرە نووسینە کە چەند جارێکە بەناوی جۆراو جۆر بڵاودەکرێتەوە، لە دەزگایەکی بۆگەنی دەست نەپارێز لە کوردی وەك (پاراستنی پارتی) نووسراوە و ئەم جارەیان گێڕانە بە دوو ناوی جیاوازەوە بڵاوکرایەوە.. لێرەدا رق و کینە و دڵرەشی سەرانی (پ.د.ك) ئاشکرا دەبێت کە قسەی سەرکردە و دەزگاکانیان وەکو یەك نییە و هەمیشە و ژێر بە ژێر لە پلاندان دژ بەلایەنی بەرانبەر.

دەزگای پاراسنی پارتی، چەند قەڵەم فرۆش و کۆلکە نووسەرێکی کۆکردۆتەوە و پارە و ئینتەرنێتی خستۆتە بەردەستیان بۆ ئەوەی تەنها و تەنها لە دژ بە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بنوسن و بوختان و قسەی نابەجێ بە سەرکردە و ئەندامەکانیدا بکەن.. بە پێچەوانەی ئەوەی چاودێری رۆژنامە و سایتەکانی ناحەزانی کورد بکەن و بەرگری لە مەسەلەی رەوای میللەتەکەیان بکەن و راستیەکانی ئەم گەلە ستەملێکراوە بخەنە روو.

دەزگای دەست نەپارێز لە کورد و کوردستان و پارێزەری پارتی و بنەماڵە، ئەو دەزگایەی لەسەر پشتی دەبابەوە خۆی کردەوە بە هەولێردا و چاوساغی بۆ بەعسیەکان دەکرد لە راوکردنی رۆڵە تێکۆشەرەکانی کورد و (شەلم کوێرم دەست ناپارێزم)ئاسا کەوتە گیانی پارتە کوردستانی و عێراقیەکان و سەدان تێکۆشەری بەدیاری تەسلیم بە دەزگای موخابەراتی بەعسی هاوپەیمانیان کردەوە کە تا ئێستا کەسێك سۆراخیان نازانێ... هەنوکە دەیەوێت پارتەکەیمان لێبکاتە پێشرەو و بە خەڵکی بناسێنێت..!! ئێستاش خەڵکی کوردستان و پارتەکەی بەرێز ئەحمەد چەلەبی بیانەوێ و بخوازن، بە بەڵگەوە دەتوانن راپێچی دادگاتان بکەن لەسەر تاوانی رەشی 31ی ئابی 1996.. کە چیتان بەسەریان هێناو چی پەڵەیەکی رەشتان بۆ نێوچەوانی خۆتان و مێژووتان دروستکرد..دڵنیابن لەوەی نەوەکانی کورد 31ی ئابیان بیر ناچێ و مێژووش جێگەی بۆ ئەنجامدەرانی لە پاشەڕۆکانی خۆیدا بۆ داناون.. خولاسە خەڵکی ئێوەش دەناسێ و شۆڕشی نوێی جەماوەری خەڵکی کوردستانیش دەناسێ.

شەرمەزاریە ماڵت لە شوشە بێت و دراوسێکەت بەردە باران بکەیت.